# وەرزی فەنا بوون

نزار ناشاد



وەرزی وون بوونەو ئازارێك
دڵم شەقار شەقار دەكات
تانەتوانم لەگەڵ سەوزی گەڵایەكدا
منیش سەوزبم
تانەتوانم شیعرێ بێ خەم بهۆنمەوە
تانەتوانم باسێكی تەنهایی خۆم و
كەسەری دووری تۆ بكەم.
ئازارێك
لێناگەڕێت دەستم بگاتەوە بەچڵ
لێناگەڕێت هێندەی نیگایەك دڵخۆش بنم.
وەرزی وون بوونەو
پەنجەكانم هەڵدەوەرێ
ئیدی ناتوانم
دواین خەمی خۆمت بۆ باس بكەم
چیدی ناتوانم
شیعری بێ تامی شەیدایت بۆ بهۆنمەوە.
لەدووریتا
ڕۆژنیە بەدیار پەنجەرەی چاوەڕوانیەوە
دانەنیشم و نەخزێمە كۆشی گریانێك.
كەتۆ.. تنۆكی ئەو بارنەی
تینوێتیم لەهاژەیدا كەڕدەبێت
بەرلەوەی تەنیایی بمكوژێت
بەرلە سەفەری ڕۆح وەرە
بەرلەوەی شیعرەكانم بەخاچەوە ببینیت
پێش ئەوەی دڵ ببێتەوە بەگڵ وەرە
وەرەو سەیری دۆزەخی تەنیایم بكە

بنۆڕە بۆ ئەو خەونانەی

لەمێژە ساردبوونەتەوە

بنۆڕە بۆ ئەو حەزانەی

وەك تینوێتی لێوم بۆ ماچ

ووشك ووشك بوونەتەوە

ڕێگە مەدە لەتابووتی تەنیایدا

دواین شیعرم لەدایك بێ و نەمبینیەوە.

لەم جەنگەڵە تاریکەدا

لەم فەنابوونی ڕۆحەدا

ئەوەی شەوان لەتەکما وەك من ڕادەکشێ

خەمێکە لەگومان و

تۆیەکیت لەوەهم.

شیت بوونیش

تاکە ئەستێرەی شەوەکانمەو

لەئاسمانی خەونی منا

ئەستێرەی تیا بەدی ناکرێ.

دەبا چیتر تەنیا نەبم

بائەم زەمەنە تێپەڕێ

با ئەم وەرزە لەخاچ بدەین.

تاکەی پیاسەی ئەم زەمەنی بێ هیواییە

ئەم وەرزی نغرۆبوونە

لەگەڵ خۆیدا بم بات

وەرە بۆئەوەی خۆم بدۆزمەوەو

لەتۆ دا بۆخۆم بگەڕێم

تەمتوومانی تەنیایم کۆتایی بێت و

وەك پەپوولەیەك لەگوڵزارتا بنیشمەوە

پێکەوە زەمەنێکی جاویدانی هەڵبژێرین.

***